پرسـیار

چۆن بووی بـه تـەم..؟

جاران کـه نـاویان دەهێنـای

ساردا‌وێك دڵا و مێشکی تـەڕ دەکردم..

بـەلـەمێکی پڕ لـه گوڵا ..

رووەو دورگـەیـەکـی سـەوز دەیبردم!

چۆن بووی بـه تـەم..؟

جاران کـه نـاویان دەهێنـای.. وەك سۆفییـەك..

لـه شـەوێکی خـەڵوەت و تـەنیایی..

نوری خودا وەدی بکا..

کـه تۆم دەدی.. لـه حـەژمـەتانا ئـاوا دەلـەرزیم

چۆن بووی بـه تـەم.. رەویتـەوە؟

جاران.. دوای خـەونێکی کورتـی بـەربـەیان..

بـه هـەزاران ئـەستێرە و گوڵا..

دەڕژانـه سـەر سـەرینـەکـەم

لـه ژێر باری خونـاوی سـەر پێڵووان..

گران چاوانم هـەڵدێنان..!

چۆن بووی بـه تـەم..؟

جاران لـەگـەڵا قریوەت..

شـەپۆلـه شـەکـەت و نوستووەکان..

لە بنی دەریاوە دەلەرزین..

دەکەوتنە سەر سەما و شان بادان

کە لەسەر کەنار

دەبووی بە چنار

چناری خەم

شەپۆلەکان بە ڕووی تۆوە دەنیشتنەوە..

دەست لەسەر دەم

ئێستا بێ تۆ .. سەر هەڵدەبڕم..

ئاسمانێ بەسەر سەرمەوە نابینم..

من بەبێ تۆ.. شەو تا بەیانی..

چوار دیواری ڕووت دەدوێنم..

چ کارەساتێ..

وەك پووشی بەر با هەڵیگرتی

کام گێژەنە نقومی کردی

چۆن بووی بە تەم..

چ خەمێك بوو ڕەنگی بردی؟!

جاران .. جاران

دوو ئەستێرەی چاو زەرد بووین لە ئاسمان

هەموو شەوێ..

لە کانیاوی بەر بناران

ئارەقەی ماچو ڕامووسانمان لە خۆمان دەشۆری

دەست لەملانێ تێر دەگریاین:

بۆ مانگی هەڵەتەی دووری شاران

هەوری کۆچەری بێ باران..

دەستم دەگرتی..

بۆ پرسەی هەزارەها ئەستێرەی ئاسمان.. دەمبردی

چۆن بووی بە تەم ..

چی خۆشی و خەمی ساڵانی حەز و هەرەسی

لە بیر بردی

گەر وەك من پەڕ و باڵت نەوەریوە..

باڵەفڕەیەك بکە

گەر تۆ زیندووی..

گەر نەمردووی..؟

1982